عەبدوڵڵا سەمەدی

## سێیەم نامە

ئەی ئاشناکەی دوێنێ و خۆشەویستەکەی ئیمڕۆ! تا دوێنێ ڕێبوارێکی خەمڕەوێن بووی بۆ کێشانی تەنگەی ڕێگا، بۆ وەڕەزی. کەچی ئەمڕۆ خاوەن ماڵی و نیشتەجێی ساباتی دڵ.

مەزرای دەروون وشکانییە و چاوەکانی چەمەرای ڕووندکی هەور. وتەکانت نەرمە بارانی بەهارە و سەوزایی‌یە و ژیانەوە.

سێیەم نامەتم لە ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لەدایکبوونم، پێگەیشت. ١٠ی خاکە لێوە ! !

ڕۆژگار هەتیوێکی قۆشمەیە و هەموو شتی کردووەتە گەپجاڕ. ئاخر تەواو دە ساڵ بەر لەوەی لەدایك ببم، ڕقم لەو ڕۆژە بووە.( ١٠ی خاکەلێوە)، ئەورۆژەی کە کۆرپەی نازداری ئاوات بێبەزەییانە لە ژێر پێ پلێشایەوە و میلیۆنەها چاوی بە فرمێسك و لێوی لەرزۆك، تەنانەت دەرەتانی ئەوەیان نەبوو بە ئاشکرا بگرین.

جوان لە بیرمە، منداڵەکانیشم لە بیریانە، بروام پێبکە نەوە و نەتیجەکانیشم زۆر بە جوانی وەبیریان دێ؛ دە ساڵ بەر لە دایکبوونم، هەر لەم ڕۆژەدا نەتەوەیەك لە بێدەنگیدا دەگریا، بارانی فرمێسك دەباری، بە بێئەوەی تنۆکە ئاوێك بکەوێتە سەر هەرد. تۆفانێك دەیلووراند، بە بێئەوەی گەڵایەك لە دار هەڵوەرێ. بوولەرزەیەك وڵاتی تێکەوەدەپێچا، بە بێئەوەی پەردەیەك لە پشت پەنجەرەیەك بجووڵێ.

ڕۆژێکی تاریك، تاریکتر لە دڵی خێوی شەو.

تاو! بەم گەورەیی و بە سامییەوە، لە گۆمیلکەیەکی چڵکندا دەخنکا و بۆق و جرۆجانەوەری ناو گەنداو، ڕەشبەڵەکیان دەگێڕا و قاقا بە قرخەی خۆر پێدەکەنین.

١٠ی خاکە لێوە بوو! تۆوی ڕقێکی خەست لە دڵمدا ڕوا و ساڵێك، دوو ساڵ، سێ ساڵ... لە حاند ئەو بیرەوەرییە تاڵە، ئەو ڕۆژە شوومە چاوم دەنووقاند و سەرم وەردەگێڕا. ساڵم ٣٦٤ ڕۆژ بوو، ئەو ڕۆژەم لە زەمان دەرهاویشتبوو. کەچی لە دەیەمین ساڵدا، ڕاست لەو ڕۆژە( ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٣٦) لە دایك بووم، لە حاڵێکدا ڕۆژژمێرەکەم ئەو پەڕەی تێدا نەبوو!

ئێستا لە لەدایکبوونی خۆم بەگومانم. سەرەڕای گشت ئەمانە، نامە و وێنەی شیرینت لەو ڕۆژەدا بووبە خەڵاتی جێژنی لەدایکبوونم! !

تۆ لە زستان دەدوێی و من لە بەهار. بەڵام بەهاری من گەلێك لەو زستانە ساردترە. لەوێ بەفری سپی دەبارێ و لێرە بەفری ڕەش. ئێرە زێدی بەهارە و بەهار لە زێدی خۆی تۆراوە..

بەهار خۆی کەسك و ئاڵە و لە وڵاتی من سوور و شین. ئێرە وڵاتی بێبەهارە. چوار وەرز کرێوەیە و باتۆف. نیشانەی بەهار هەور و با و ڕەهێڵەیە و سەوزایی، نە پەڵە هەوری خەفەت و گژەبای حەسرەت و ڕەهێڵەی فرمێسك و شین.

ئەوەتا سەیری ئەم بەهارە پڕ بارانە کە! چل میلیۆن سەرچاوە تەقیوەتەوە و لووزەوی بەستووە.

بەڵام قەقنەس باش دەزانێ چۆن لە خۆڵەمێشی خۆی هەستێتەوە.